دانی ئەژدیهاچاندن و نووقومبوونی غەزە لە دەریادا.. بەکر ئەحمەد

"بریا ڕۆژێک بەخەبەر بم و ببینم غەزە نوقمی دەریا بووە"، ئەمە خولیا گەورەکەی "ئیسحاک ڕابین"ە، سەرکۆزیرانی پێشووی ئیسرائیل لە ساڵی 1992 دا (١) . بەگوومان ، ساڵێک لەوەو پێش, ئەو ویاسر عەرەفات ، خەڵاتی ئاشتی وەردەگرن بە ئیمزاکردنیان لەسەر ڕێکەوتننامەی ئوسلۆ.

"ڕابین" وەک جەنەرالێک و سیاسیەک، ئەو ئاوگرە گەورانەی بینی بوو کە لە سەر نەخشەی سیاسی غەزەدا خەی نمایش دەکرد و نەخشەو پلانەکانیشی بەشێک بوون لەو چارەسەرانەی کە لایەن ئەو و دەسەلاتدارانی دیکەی ئیسرائیلەوە خراوەتە ڕوو.

ئەگەر سەلمانی لە فەنتازیای زەر کەسدا شاری "هەڵمەت و قوربانییە"، ئەوە غەزە لە پێش هەموو ناوچەکانی دیکەوەیە لە فەلەستیندا. بە تایبەت لە دوای ١٤ی حوزەرانی 2007 دا کاتێک حەماس لەم ڕۆژەوە ئیدارەی غەزەی دەکەوتە دەست. ئەم ناوهێنانە وەک هیچ شانازییەک ناکرێت بە گەردنی حەماسدا هەڵبواسرێت کە بزوێنەری "شاری هەڵمەت و قوربانی" بوونی غەزە بێت، بەڵکو ئەم خەباتکردنەوە سیاسیە لە ئیدارەی فەتح ، غەزە دەکاتە ناوچەیەکی گەمارەدراوی ژێر دەسەلاتی یاساکانی ئاوارتە. دەخێک کە وا لە غەزەییەکان دەکات کە بە پەیداکردنی نانی ڕۆژیشیان دەبێت لە ڕێگای تووننێلە ژیرزەمینییەکانی نێوان غەزە و میسرەوە خەراکیان پێ بگات.

ئەم هەلومەرجە، کارەک دەکات کە غەزە و غەزەییەکان بخاتە سەر ئاگر و هەموو ساتێک ئامادەبوونی ئاگری تەقینەوەی ڕق و کلپەی نارەزایەتییەکانیان لەسەر پێ بێت.

نەهامەتییەک لەوەدایە کە دەسەلاتی خەمایی نەیتوانیوە ئەو هەلومەرجە بگۆڕێت کە دەسەلاتدارێتی ئیسرائیل ڕۆژانە لە فراوانکردنەوەی نیشتەجێ تازەکان و پیادەکردنی سیاسەتی ئاپارتاید بەرانبەر فەلەستینیەکان و خەلکی غەزە بە تایبەتی پیادەی دەکات. بەیەکەنارەکی بچکۆلە لەو سەرزەمینەی کە پێی دەڵێن غەزە، دەبێتە ئەو مەنجەڵە لەسەرئاگرنراوەی کە هەموو تراژیدیای ئینسانی فەلەستینی تیا کدەبێتەوە. غەزە لەڕەوە دەبێتە فەلەستینێکی

بچکۆلە و بەو مژووەدا دەبرێتەوە کە فەلەستین لە 1948 وە پیایدا تێپەڕیوە. بەڵام بە جاری دووم.
ئەم هەلوومەرجە تایبەتییەی غەززە کە هەشتا لە کێناری دەریادایە و نوقووم نەکراوە، دەبێتە شوێنی پلاندانانێکی تایبەتی دەسەلاتدارانی ئیسرائیل لە سەرەتای هەشتاکانەوە بە ئەوەی ئاوگەیەک پێک بێت. بە جلەوگرتنی کەمانیست و چڕ و فەتح و هەزە مەدەنییە ئادیکاڵکانی دیکەی ناو ئەم کەرتەی کە لە ناوچەکانی دیکەی فەلەستین دابڕاوە، ئیسرائیل ڕێگادەکاتەوە کە لەپاڵ سەرمایە گووزاری زبەندی سعودییەکاندا، دەستبداتە قومارێکی ئیجگار گەورە و چاوپۆشی لە دامەزراندنی ئەم باڵەی ئیخوان موسلمین بکات لە غەززەدا. لە زمانی "ئیسحاق سێگەف"ەوە کە موتەسیریفی سەربازی غەززە بووە لەو کاتەدا، بە پێی هەواڵێک کە لە ساڵی 1981 دا لە نیەرک تایمزدا بلاوکراوەتەوە، بوودجەیەکی گەورە وەردەگرێ و دەیداتە ئیخوانەکانی غەززە. سەیری لینکی هەوالەکە بکە لەردا(| Opinion Casting Blame in the Israel-Gaza Conflict – The New York Times (((nytimes.com.

بە سویدی دەڵێن: ئەوەی "با" بچینێ، زریان دەدووروێتەوە". بە زمانی ئەفسانە یۆنانییەکە، ئەم جۆرە لە هەڵفڕاندن پییەدەوترێت: هەژدیها چاندن. ئەفسانەی ئەژدیهاچاندن واهیی دەتە گەیانەوە.
کادمەس شازادەیەکی فینیقی بووە. وەختێک "ئەوروپا"ی خوشکی دەفڕێنن لە لایەن "زیوس"ەوە، دەکەوێتە سەفەری گەران بەشوێنیدا تا پەیدای بکات. بەڵام بە بە هیچ دەرئەنجامێک. وەختێک دەگاتە "دیلفی"، داوای ئامۆژگاری لە "ئەراکڵ"ی خواوەند دەکات. ئەراکڵ پێی دەڵێت: " لە جیاتی گەران بەدوای ئەوروپای خوشکدا، باشترە واز لەو کارە بهێنێت و دوای مانگایەکی سپی بکەوێت و لە کۆیدا دەوەستیت و دێیەوە ئیسراحەت بکات، لەویادا شارێک دروست بکات. کادمەس مانگاکە دەبینێت و دەبینێت لە شوێنکدا دەوەستێت، هاوڵەکانی بانگدەکات بچن لەو دارستانە نزیکەی شوێنی حەوانەوەی مانگاکەوە ئاو بهێنن تا سوپاسی "زیەس"ی پێبکات. بەڵام سەرچاوەی ئاوەکە لە لایەن ئەژدیهای "ئارەز"ەوە کە خواوەندی جەنگی یۆنانییەکانە چاودێری دەکرێت. کاتێک پیاوەکانی کادمەس نایانەوە و ئەو خێی دەچی بزانێت چییان بەسەردا هاتووە، دەبینە هەموو پیاوەکانی کوژراون و بە ناچار خێی دەکەوێتە جەنگی ئەژدیهاکە و لە دەرئەنجامدا دەیکوژە. لەو کاتەدا "بالاس"ی خواوەندی ئەسینا دادەبەزێتەخوار و فەرمانی پێدەکات، نیوەی دانی ئەژدیهاکە بچێنێت و نیوەی دانەکانی دیکە بدات بە "لایتیس". لە دندانی چێندراوی ئەژدیهاکەوە ،

جەنگاوەرانکی پێچک سووزدەبن و دەنۆ دڕ کە دەکوونە کووشت وکوشتاری یەکتری و تانانەت جەنگی خێیشی.
بەیەش ئەوەی لە سیاستدا بەسەرکەوتنکی کادەمسیانە ناودەبرێت، هیچ شتێک نییە جگە لە چنینەوەی بەروبووم‌کانی شکستی خۆ ئۆگڕ چی بەیار بوو وەک سەرکەوتن بە خۆ تەماربکرێت. ئەم ئەو پێامەیە کە ئەفسانەکە دەیگێڕیتەوە.
ئیستا ددانی چنراوی ئژدیهاکەی خۆ لە غززەدا، نێک هەر گۆرەبووە و هەزەکانی دیکەی دەووروبەری خۆی لووشداوە، بەڵکو لەو ئاستەداشدایە کە کێبڕکێی خونناوی خۆی لەجستەی خودی ئیسرائیل گیرکردووە.
بەنام بڕڵەوەی قسەڵسەر "هەژدیها چاندن" و دانگۆرەبووکانی بکرێت، خودی غززە جیگایەکی تایبەتی هەیە. ئەوەی کە چالاکی و جموجۆڵی سیاسی لەم کەناڕەی دڕیادا لە هەشتاکانەوە هەند گۆرێیە کە مەسادی ئیسرائیلی ناچاردەکات ئەو کارە بکات کە لەسڕەوە ئاماژەم پێدا، غززە لە دوای گەندەبوون و بۆگەنکردنی ئیدارەی "فەتح"ەوە دەبێتە سەنتەری مقاوەمەت لە بڕانبڕ ئیسرائیلدا.
دەسەلاتی فەتح لە دوای بەدەسەلاتگەیشتنیەوە، فەرمانبڕەکی ئیداری ملکەچ و ئەو دەخە بەسەردەبات کە دەسەلاتی کوردی لە سەرەتای نەوەدەکانەوە تا ئەمڕۆ کردوویەتی.
غززە ئەو سەرزەمینەیە کە لە پاش دەسەلاتگرتندەستی ئیدارەی عەرەبی خۆیەوە ، تالاوەکانی ئاپارتاید و دەسەلاتەکی راسیستی بە گشت و خونەوە تاقیدەکاتەوە و ئیدارەی خەماڵیش لە بەیاننامە دڕکردنی سەرکەنەکردن بەولاوە، کارەکی دیکەی نەکردووە. تانانەت لە چالاکی موخابڕاتی ژڕبەژڕدا، زانیاری هەموو هیزە ئەپزسیەنەکانی ژیردەسەلاتی خۆیان وناوچەی غززەیشییان داوەتە مساد.
غززە لەمەدا ، ئەو بەشەی دڕەوەی دەسەلاتی "فەتح"ە کە دەیەوێت پرسی ئینسانی فەڵەستینی و ئاپارتاید لە گشتیەتی خۆیدا نەمێنێ. ئەم بڕهەمی دابراندنی غززەیە لە ناوچەکانی تری فەڵەستین. بە کورتیەکەی بەشکی دابراوی تەوقدراو، هەموو بناغە ستراکتڕیەکانی ئەوەی پێدەوترێت کەشتی فەڵەستین ، لە خۆدا کەدەکاتەوە.
بەنام ئایا ئەم بڕهەم و چالاکی سیاسی "حەماس"ە؟
لە ڕاستیدا وەڵام بە نایە. ستەم لەوێوە و لە بیست و چوار سەعاتدا چاولێک نانێ و حەماس لەوی بێت یان نەبێت، ئابڕۆقەدانی ئەم ناوچەیە نارەزایەتی دەکوێنێت.
حەماس لەوێیە و سواری ئەم شەپۆلی نارەزایەتیانە بووە. هاوکات ئینسان دەتوانێ ئەوەش بڵێ کە حەماس ئەم نارەزایەتیەیە کەپگرتووەی ناو غززە بەو ئاراستەیەدا دەبات کە لەگەڵ ئەجێندای سیاسی

خەیدایە. بەڵام بوونی حەماس و نەبوونی، ئەم مافی موقاوەمەتکردنەی هاوڵاتیان لەبەرانبەر سیستەمێکی راسیستیدا ناکرێ لەکەدار بکات و هەڵویستیان بخاتە ژێر پرسیارەوە.
ئاماژەکان بەرەو کوێ دەچن؟
چەکردنی غەززە بە مانای هەڵبژاردنی ئۆگۆری ئاوارەکردنی 2 ملیۆن ئینسان بۆ ئۆوەی وەک هەموو فەلەستینیەکانی تر لە کەمپەکانی ئاوارەیدا بژین. لە پراکتیکدا: یانی هاتنەدی خۆنی لە دەریادا نوققوومکردنی غەززە.
دەرهەنانی دانەکانی حەماس و تەسلیمکردنی ئیدارەی غەززە بە فەتح، دەکرێ ئالتەرناتیڤێکی گوونجاوتر بێت کە کەمالگای نێتۆیی سەری هەڵزامەندی بە دەلاقەنێ.
دەرهەنانی دانەکانی حەماس و داگیرکردنەوەی غەززە لەلایەن ئیسرائیلەوە.
یان، تەوگلانی هەموو ناوچەکە لەشێیکی ماوەرانکەرانەدا.

لە ئیستادا خۆنی نووقومبوونی غەزە، هەر بە تەنها خۆنەکی ئیسرائیل نییە. زەرەن ئەو دەسەلاتانەی بە نهەنی ئەم خۆنە دەبینن. بەڵام غەززە لەوێیە، بە حەماس و بە حەماسەوە. چونکە بنەما سەرەتاییەکانی سەرکوت و بەحورمەتیکردن بە ئینسان، لە ئاستە نەونەتەواییەتییەکەیدا لەسەر شانەی غەززە و لە نیگای مندالانی دەست وقاچ پێیودا خەی نمایشدەکات. دەڵێن: منداڵانی غەززە لەخەو هادەچەکن، نەلەبەر کابووسەکانی ناو سەریان، بەڵکو لە ترسی ئۆەی لەبیریان چوو بێت ناوی خەیان لەسەر قەلیان بنووسن. ئۆان هادەچەکن و بە پەلە سەیری سەرقێی خەیان دەکەن. تا لە لەوە دنیا ببنەوە کە لە ئۆگۆری بەمبارانی مالەکانیاندا، کاتێک کەسە جەستەی ژەرخاک و پەردووەکان دەردەکەشە، بزانرێت کە کچ و کوێی کێن.
نەبینینی ئەم ستەمە سیستیماتیک و ئاپارتایدە هێشنەی کە کەمایەتییەکی هاوڵاتیان دەیانەوە لەسەر خەیان و زەرایەتی کەمالگای فەلەستین نەمێنێ، هێوایەتی قەتل و عامی غەززە نادەتە دەست هیچ کەسێک.
تەنانەت ئۆگۆر تەرەفێکی ئەم جەنگە حەماسیش بێت.
با ئەم وێنەیە کەمێک هێشنتر بکرێتەوە.
گریمان چەند هێژەکی بەر لە شانزەی سێی ساڵی 1988و ئیسلامییەکانی کوردستان و یەکێتی و پارتی هەڵەبجە دەگرن و بەعسیش بە هەموو چەکێک شار دەخاتە ژێر گەورەترین ئابڵۆقەی ئابووریی و بەردووومانی زەمینی و ئاسمانییەوە. بۆ هەڵوەستەرگرتن لەبەرانبەر سیناریۆیەکی

وەک ئەوەی سەرەوەدا کام هەوڵست لە پلەی یەکەمدایە بۆ تاوانبارکردنی لایەنەکانی دەرگیر لە جەنگدا: گرتنی شاری هەبجە لەلایەن یەکێتی و پارتیی و ئیسلامییەکانەوە یان کیمیابارانکدنی شارێک. بە بۆای من هەی کیمیاییبارانکردنی شارێک ناخرێتە تەرازووی کێششی سەربازیی بۆ گرتنی شارێک و هیچ کەسێکی خاوەن موواڵی سیاسیی ناتوانێت بڵێ ئەگەر ئەو هێزانە ئەو کارەیان نەکردایە، بەعسیش وای نەدەکرد. تەنها لە دەسەاتێکی فاشیستی دەوەشێتەوە کە بە شێوەیەکی دەستەجەمعی سزای سەدان هەزار هاوواتی بدات بەوەی چەند هێزێکی سیاسی بە پڵە بەرژەوەندییەکی تایبەت شارێک دەگرن و دەوڵەتیش غازی کیمیاوییان بەسەردا دەڕژێت. ئەوەی لە غەززەدا دێگووزرێ هەمان شتە. دوو ملیۆن ئینسان خراونەتە قەفەسێکی داخراوەوە. بەوەی حەماس دەسەلاتدارێتی ئەم ناوچەیەی بەدەستەوەیە، هیچ دەوڵەتێک بە ناوی لێدان لەم دەسەاتەوە بۆی نییە تازەترین چەکەکانی سەردەم بەسەر ماڵ و منداڵی ناوچەیەکی دوو ملیۆنیدا ببارێنێت کە دەرفەتی هەڵهاتنیشییان لێسەندرابێتەوە. تەکاتێک وەک هاوواتییەکی کورد پێتواننییە دەسەاتی بەعس حەقی خۆی بوو شارێک کیمیاباران بکات بەوەی کەمەڵێک چەکداری سەر بە گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆن شارەکیان خستێتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بە هەمان شێوەش ناتوانیت پێتوابێ ئیسرائیل حەقی خۆیەتی دوو ملیۆن ئینسان بخاتە ژێر چەکی فسفۆریی و سەرتاپای پێداویستییەکانی کەمەگایەک لە بناغەوە هەتەکێنێت. یان پێتوابێت ئەمە جەنگی تێرۆریستەکانە وبا بڕبڕێنە گیانی یەکدی. لێرەدا بەرگ و هەنگی ئایدیۆلۆژی حەماس و یەکێتی و پارتیبووون مانایەکییان نییە. بەکو ئەوەی جێی سەرنجە، بە هەهینەگرتنی ژیانی دوو ملیۆن ئینسانە لە شوێنکدا بەوەی حەماس دەسەاتدارێتی ناوچەکەیە.
لەم گۆشەنیگایەوە سەیری جەنگی ئێستای غەززە نەکرێت، دەکرێ ببیتە بەشک لەو لەشکرەی خۆو بۆ نووقومبوونی غەزەوە دەبیین لە دەریادا. یان خستنە ژێر چادریان لە بیابانی نەوان میسر و ئیسرائیلدا.
بەڵام غەززە لەوێیە، چونکە بناغەکانی سەرکوت لە ئیسرائیلدا بۆ تەواوەتی خۆیەوە ئامادەیی هەیە.

بەکر ئەحمەد
10,20 ,2023

Hamas, Israel och Palestina av Bitte Hammargren -1
((aftonbladet.se

گالیلە، هێزی ڕاکێشانی زەوی.. بریا محمد همزە

هەموو زستانێک میری مەزنی توسکانی چەند مانگێکی لە پیزا بەسەردەبرد. مامۆستا تایبەتەکەی بردەوام لەگەڵی دەژیشت. ئەم مامۆستایە ناوی ئیسی بوو وانەی بە کوڕەکانی میری مەزن و هاوڕێکانی دەوتەوە: ئیسی هاوڕێیەکی خانەوادەی گالیلەو بوو مامۆستایەکی تایبەتی زیرەکی ماتماتیکیش بوو. جارێک یان دووجار ڕێگەی بە گالیلە دابوو کەلای دەرگاکەوە دابنیشێت و گوێ لەوانەکانی بگرێت. گالیلەش زۆر حەزی لە ماتماتیک بوو. لە کاتی دەست بەتاڵی دا لەکڕینەوەی لەسەر دەکرد و لەتاقیکردنەوەکانیدا بەکاری دەهێنا. لەساڵی 1585 دەبوو زانکۆ جێبهێڵێت، لەبەربەپارەیی. چیتر هیوای بەوە نەمابوو تا ببێت بە پزیشک بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر خەفەتی پێنەخوارد، ماتماتیک بیرکەیەکی نوێی پێبەخشی، ئەویش زۆر خۆشحاڵبوو لە ماڵەوە لەکڕینەوەی لەسەر بکات.
ئیسی یارمەتی داو هەندێ کتێبیشی دایەو پێیووت: دەبێت ئەرخەمیدس و ئیوکلید بخوێنیتەوە: ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر ژیاون، بەڵام ئەمە هێشتا کتێبەکانیان بەکادەهێنین. ئەرخەمیدس وەک تە وابوو هەمیشە سەرقاڵی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە بوو. گالیلە پەکەنی ئەو چیڕۆکەی ئەرخەمیدس و گەرماوەکەی دەزانی. بەڵایەوە باشترین چیڕۆک بوو. ئۆژەک پاشای سیراکوس ئەرخەمیدس بانگدەکات بەڵای خەی و پێی دەڵێت، تکا دەکەم سەیرێکی ئەم تاجە بکە بزانە لەزێڕ دروستکراوە یان لە کانزای جەراوجەر؟ دەمەوێ بزانم لەبەرئەوەی پارەیەکی زۆرم پێداوە. ئەرخەمیدس تاجەکەی هەڵگرت وادەرکەوت لە زێر دروستکرابێت، بەڵام لەوەشدەچوو کانزای جەراوجەر لەناواخنی زێڕەکەدا بێت، چۆن بتوانێت بیدۆزێتەوە؟ پاشاکە پێیوت بێ ماڵەوە و بیری لێبکەوە. هەندێ تاقیکردنەویان لەسەربکەخەک دەکەن گوایە تاقیکردنەوەکانت زۆر زیرەکانەیە. هەیشتە ماڵەوە و زۆر بە وردی بیری لێکردەوە. بەڵام وەڵامەکەی دەست نەکەوت تا دواجار هیلاک بوو، لەبەرئەوە چووبەرەو گەرماوی گشتی (حەمامی دەرەوە). لەلای ئاوی خۆشنەکە وەستاو تەماشای کردەهشتا پێنەبوو، پاشان چووە ناوی و ئاوەکە بە سەرەوە بەربووەوە. کاتێک لەناویا دانیشت لەپڕێکدا بیرکەیەکی

بەهات بەزمانی گریکی هاواریکرد: ئیوریکا دۆزیمەوە!.
ئایکردە سەرجادەکە و بەپەلە خۆیشتەوە ماڵەوە. خۆشکەکەی سەرجادەکە سەریان سوڕما لەبەرئەوەی ئەرخەمیدس هیچی لەبەردانەبوو. مۆشکی سەرقاڵبوو بەم بیرکە سەیرەوە، لەبەرئەوە لەبیری چووبوو جلەکانی لەبەربکات لەماڵەکەی خۆیدا چۆنەتاقیکردنەوەیەکی بچووکی ئەنجامداو پاشان ئاستەواست چوو بۆلای پاشا پێیوت گەورەم، وەڵامی پرسیارەکەتم دۆزیەوە ئەمبدە تاقکردنەوەیەکت پیشان بدەم.
بۆ ڕۆژی دیاریکراو لەسەر مێزەکەدا دانا لەبەردەم دوو دەفردا پاشان دەستی پێکرد، تاجەکەی تە کەشی چوار پاوەندە، ئەم تۆزە ڕۆژش چوار پاوەندە هەروەها ئەم تۆزە زیوەش بەهەمان شێوە. بەڵام ڕۆژە قۆسترە لەزیو، کەواتە دەبێت تۆزە زیوەکە گەورەتر بێت، ئەی وانیە؟ پاشا وتی بەگومان. ئەرخەمیدس لەی پرسی باشە حەزدەکەیت یارمەتیم بدەیت؟ ئەم دەفرە گەورەیە پڕە لەئاو ئەگەر ڕۆژەکەی تیادابنێیت، بڕێک لە ئاوەکە دێتەدەرو دەچێتە ناو دەفرەکەی بچوکتر. ئەو بڕە ئاوە بپێوە، بەپێی ئەم نیشانەیەی لەناو دەفرەکەدایە نزار نەکەم.
ئەرخەمیدس ڕۆژەکەی دەرهێنا. ئینجا دەفرە گەورەکەی پڕکردەوە و دەفرە بچوکەکەی خاڵی کردەوە ئەمجارە زیوەکەی تیا دابنێ، کاتێک ئاوەکە هاتە دەرەوە بەهان شێوە ئەو بڕە ئاوەش بپێوە.
پاشاکەش بەوجۆرەی ئەرخەمیدس وتی، کارەکەی ئەنجام دا، ئەرخەمیدس بەردەوامی دا بە قسەکانی: ئێستا تاجەکە دەخەینە ناوی ئەگەر بتەواوی ڕۆبوو ئەوا ئاوەکە دەگاتە لای نیشاندەری یەکەم، ئەگەر لە زیویش دروستکرابوو ئەوە ئاوەکە دەگاتە لای نیشاندەری دووەم. تەماشایانکرد ئاوەکە لەنێوان دوو نیشاندەرەکە وەستابوو، ئەرخەمیدس هاواری لێبەرزبووەوە : ئەوە وەڵامی پرسیارەکەتە: تاجەکە بتەواوی ڕۆینەو زیویشی تێدایە. گالیلە ئەو چیڕۆکەی بەدە بوو، دەیویست ئەو تاقیکردنەوانە بە خەشی ئەنجام بدات.
•

شەی فەلەستین – ئیسڕائیل و

داووخانی وەهمیی گۆڕی مساد.. فەرمان محەمەد

هەرشی لەناکاو بۆ سەر ئیسرائیل شکستی شۆکێری دژگە هەواگرییەکان پشتان دەدات، کە ئەمە یەکەکە لە گەورەترین شکستەکانی هەواگریی ئیسرائیل لە دوای شەڕی یەم کیپووری ساڵی ١٩٧٣وە؛ کە توانای هەرشەکە ناتوانرێت کەم بکرێتەوە یان بە زاراوەیەکی کەمتر بخرێتەروو.
وردبینیی هەرشەکە سیستەمی هەواگریی ئیسرائیلی شۆککرد، کە ئەمەش شکستی هەواگریی و بەرگرییە، کە نەیتوانیووە بەرگریی پێویست بە هاوەتیانی مەدەنیی ئیسرائیل دابین بکات. ئەمە جگەکە لە پیرە هاربەر و یانزدەی سەبتەمبەر بۆ ئیسرائیل، کە تا ئەمڕۆ واقیعێک هەبووە، بەڵام ئەم شکستە بەڕووی واقیعێکی دیکەی کردینەوە. واقیعێک کە تێگەیشتنێکی دیکەمان پێدەدات لەمڕۆ سیستەمی بەرگریی پشکووتوو و تەکنەلۆژیای سەردەم، لەهەمبەر هێزێک بە تاکتیکی کلاسیک و چەکی ئاسایی.
ئیسرائیل هەمیشە شانازی بە بەرگرییە سنووریەکانی خۆیەوە دەکرد، کە هیچ چاوێک بەواڵەت نەتواندرێت بچێتە ژوورەوە، بەتایبەتی سیاج و دیواری پشکووتووی سنووریی و دیواری کۆنکرێتی لە نزیک غەززە، بەڵام لەم هەرشەدا دەیان چەکدار بە کڕاستەی زەر سادەی جەنگ لە چەند شوێنێک لەڕێگەی ئاسمانیی، وشکانیی و دەریاییەوە دزە دەکەنە ناو سنووری قەڵادرێ قورس و سەختەکانەوە، کە لە پشوویەکی کورتدا وەتەکەیان بەئاگا گرت.
هەرشەکە دژگەی ئەمنیی ئیسرائیلی لە دۆخێکی نائاساییدا ئاشلەقاند و سەرکووتوو بوو لە کاکردنەوەی پێگەی گەورە و بوونەی چەندین ساڵەی ئیسرائیل. بەرپرسانی ئیسرائیل بەهەی ئەو هەرشە بوونەیەی حەماس ووبەووی پرسیار دەبنەوە و پرسیار لەسەر شکستی دژگەی هەواگریی بەناوبانگی مساد دەوروژێندرێت، لەکاتێکدا بگۆڕەی هەواڵێکی بی بی سی، ئیسرائیل خاوەنی بەرفراوانترین، زەرترین بودجە و تەی هەواگرییە لە ڕاژەهاتی ناواڵاستدا.

شکستی دژگە هەواگرییەکانی ئیسرائیل

شکستێکە زیاتر سەرنجاکێشە بۆ پێیەی کە خزمەتگوزارییە ئەمنییەکانی ئیسرائیل، سەرچاوەیەکی بەرچاو بە چاودێریکردنی کەمپێگەی فەلەستین و لەنوێیاندا حەماس، لەڕێگەی تەکانی

سەرچاوەی مرۆیی و هەروەها تەکنەلۆژیای چاودێریکردنەوە تەرخان دەکەن. شکستەکە تەنیا لە کەمکردنەوەی هەواگریيدا نەبووە، بەڵکوو پێدەچێت بەتوانایيەکی سیستماتیکی هەبێت بۆ کەمکردنەوە و شیکردنەوەی داتا هەواگریيەکان. لە کاتێکدا کە دەزگەکانی وەک مەساد، فەیلەقی هەواگریی و دەزگەکانی ئاسایيشیی لە ئابووردووداستایشی سەرکەوتنەکانیان لەدەکرا، بەڵام ئەم هەوداوە پرسیار و گومانی خستووەتە هەوو. بەڵبەرچاوگرتنی ناوبانگ، دوورِبینیی، هەژموون، دەستکراوەیی و ڕەخساندنی ژینگەی نەوەوەتیی دەزگە هەواگریيەکانی؛ بۆ تایبەت مەساد، ئێستا لەژێر پرسیاردان و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێتەوە.

هەکارەکانی پشت شکستەکەی مەساد

- قەبارە و خرایی هەڕەشەکە؛ گەورەیی هەڕەشەکە لەگەڵ جێبەجێکردنی خرایيەیدا، میکانیزمەکانی بەرگریی ئیسرائیلی لە دۆخێکی خراپ و بێهیوادا هێشتەوە.
- بەتوانایی هەواگریی ئیسرائیل؛ بەتوانایی لە پێشبینیکردن یان بەرپەرچدانەوەی "ئەپەراسیۆنی لافاوەکەی ئەقسا"، کەشێکی قووڵی چەسپاو پێشان دەدات، شارەزایانی هەواگریی و سەربازیی باس لەوە دەکەن کە نەیانتوانیووە بچنە ناو تەڵەی پلاندانانی ئامانجەوە، کە لایەن حەماسەوە دارێژراوە.
- وەهمی ئەتەمیی ئێران؛ هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە کە ئیسرائیل ئەوەندە بە تەواویی سەرقاڵی بەرنامەنگاربوونەوەی ئێران و هەوڵەکانی پووچەڵکردنەوەی بەرنامەی ئەتەمیەکەی کەماری ئیسلامیی بووە، کە حەوشەی ماڵەکەی خۆی پشتگوێ خستووە. ئەمە خاڵێکی خستووەتە ناو هەستەکی ساختەی ئاسایيشەوە.
- وردبینیی هەڕەشەکە؛ وردبینیی هەڕەشەکە سیستەمی ئاگادارکردنەوەی ئیسرائیلی شکڵکرد و پلانی وردی پشت هەڕەشەکە دەنیایيی ئەوە دەدات کە هەم هەماهەنگ و هەم بە تەواویی چاوەڕوانکراو بووە، کە ئیسرائیی لە زەرتریەن حاڵەتی لاوازیدا گرت.

پاڵنەرەکانی پشت تەفانی ئەقسا

گرژیيەکانی پێش هەڕەشەکە، چەند مانگێک پێش ئەم هەڕەشە پێ بوو لە گرژیی، کە لە پرسەکانی وەک تووندوتیژیی مزگەوتی ئەقسا و

بەردەوامیی گەمارۆ و داگیرکاریی سەرچاوەی گرتبوو.

پلانی لەخۆدا گیران

ئیسرائیلییەکان بەشێوەیەکی نائاسایی لەخۆدا گیران، سەرەڕای ئاوەژووی ئیسرائیل یەکەکە لە بەهێزترین هێزی سەربازیی ناوچەکە؛ کامێرای ئەمنیی سەرسنوور، بوونی کارمەندانی هەردووک کەمپانیای شین بێت و مساد لە مەیدانەکەدا، هەستاوەری وێنەگرتنی گەرمیی/جووڵەی پشکۆتوو و تەنانەت سیاجکردنی سنووری ئاماژە بەوە هەرشەکە زیاتر شەکارە بۆ پێیەی دوای ٥٠ ساڵ لە شکستی ئیسرائیل دێت لە هەرشەکی لەناکاودا، کە میسر و سووریا ئەنجامیاندا. بگوومان دەزگای هەواگریی پشکی خۆی لە بەرپرسیاریی هەڵدەگرێت. بەهۆی نەبوونی زانیاریی، سەرەڕای ناوبانگ، توانا و هێزموونی هەواگریی. ئەمش گۆڕیی، وردیی پلانەکە و بەتوانایی زیاتریی دەزگە هەواگریەکانیان دەردەخات. هەرشەکە بۆ ئامادەکارییە کراوە، کە زەربەی ئەندامانی بزووتنەوەکە ئاگاداریی وردی پلانەکە و کاتی جێبەجێکردنی نەبوون، بەڵام بەشداریکردنی هەزاران چەکدار، ڕاهێنانی تووند و فراوانیی هەرشەکە و خۆتوویی دەزگە هەواگرییەکان، جیهانی ڕاچڵەکاند.

ئێلی مارێن، سەرکی پێشووی هێزی دەریایی ئیسرائیل ئاماژەی بۆدا، کە "هەموو ئیسرائیل لە خۆی دەپرسێت: کوا IDF، کوا پۆلیس، کوا ئاسایش؟ شکستێکی گەورەیە؛ پلەبەندییەکان بە سادەیی شکستیان هێناوە".

هەروەها ڕۆژنامەی تایمز ئۆفی ئیسرائیلیی لە زاری ئامۆس یادلین، بەرپرسی پێشووی هەواگریی IDF-ەوە نووسیویەتی "هەرشەکە دەنگدانەوەکانی جەنگی یەم کیپووری وەرگرتووە – هەرشەکی دیکەیە کە بە شکستی هەواگریی دیاری کراوەوە"، کە بە دەیان ئیسرائیلیی؛ دزەکردنە کوشندەکەی حەوتی ئۆکتۆبەر، یەکسەر یادەوەرییەیە ئازاربەخشەکانی جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ی زیندوو کردەوە.

پێنجەی تەماتی ئیسرائیل

بە زیادبوونی لێکەوتە ئەمنییەکان، ئیسرائیل پێنجەی تەماتبارکردنی خۆی ئاڕاستەی تاران دەکات، بەهۆی ڕێکخستنی هەرشەکانی حەماس. ڕەنگە هەرشەکان لەدایکبووی تۆڵەیی بن، بە تایبەتی لە ڕۆفتاری چەند مانگێکی هاوپەیمانیی نەتەنیاهۆ، لەوانەش ئیستفزازی مزگەوتی ئەقسا، بەڕام ئێران و ئەو هەزانەی کە پشتیوانیان دەکات، ئامانجێکی ستراتیژیی درێژخایەنتریان هەیە، ئەویش پووچەڵکردنەوەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سعوودیە و ئیسرائیل،

هەنگاوێک کە ئەمریکا لە هێرشەکانی ناوەڕاستدا چێسپاندوویەتی، بەشام لە چاوی ئیراندا فەلەستینییەکان لە دوا سپێنسەری کاریگەرییان بەبەش دەکات.

فەرمان محەمەد
ئیتالیا/ زانکۆی بۆلۆنیا

شیعری (حەز)ی دەکەش قادرم خوێندەوە.. لەتیف بەوار

ئەدیسەن هەر وشەیەك بوو کردی بە دەزگرۆی ئەلیکتریك و رووناکی، کاتێك دایکی نامەی قوتابخانەی ٤ خوێندەوە کە لەبەر زیرەکی جێی نابەتەوە نابەت چیتر بچێتەوە، لەکاتێکدا کە گۆرە بوو دوای داهێنانەکەی راستی نامەکەی بە دەرکەوت کە لەبەر تەمەڵی بووە!.
کەواتە وشە زەر کاریگەرو گرنگە بە سەر پرسەی داهێنان و گەشانکاری، وەک نموونەی ئەو مامۆستایەی لەناو قوتابیێ منداڵەکاندا ئاوات بۆە دەخوازێت بە نموونە مێژووی کەسایەتییەکی گرنگ ببینێتەوە لە داهاتوودا بە تەرو تەسەلی و دروستی لە دووتوێی پەرتووکەکدا نووسرابێتەوە، بۆئاگا لەوەی دوای دەیان ساڵ قوتابیێك لەوانە بەو کارە هەڵدەستێت و مامۆستاش وەفاتی کردووەو ئاگای لە بەرەنجامی ئەو وتەیە نییە کە جارێك لە جاران لە پەلدا درکاندوویەتی.
دوا دەرکەوتنی فەرهاد پیربال لە ڤیدیۆدایە کە لەناو حەشاماتێکدا کتێبە چاپکراوە تازەکەی دەکەشێت بە زەوی داو دەڵێت: دوازدە هەزار دیناری تێچووەو کەس بە هەشت هەزار لێم ناکڕێتەوە! لای هەندێك ئەمە مردنی مەعریفە دەگەیەنێت و لای هەندێکی تریش کەمیدیای واقیعی کوردییە.
بەگومان لە هەر دەورو زەمانێکدا وشە کاریگەریی خۆی هەر هەیە، بە نموونە من لە چاوخشاندنم بە باتکانی ڕۆژی ٢٠/١٠/٢٠٢٣ی ماڵپەڕی دەنگەکان زەر شادمان بووم کە دەقی ((حەز))ی دەکەش قادرم خوێندەوە، وەڵای ئەوەی چەند ڕەهەندێکی لە خۆ گرتووە، نیشانەی ئەوەش کە هەشتا هەست و وشەو جوانی گیانی تیا ماوەو بەیەکجاریی

نەکراوەتە کانیای دنیای سەرمایەداری و بزنس و ماهییەتی خۆی لە دەست نەداوە، هەرچەندە کەم تا زۆر دنیا بەرەو جەهل و نەخوێندنەوە و نامۆیی دەچێت، بەڵام دەکەش بە ئاوەی هیچ موکافەئەیەکی ماددی چنگ بکەوێت لە ماپەیی (دەنگەکان)دا ئەو هەوڵەی خۆی خستوەتە بەر دیدی خوێنەران، لە لایەکی تریشەوە دەبێت ئەوە بزانین کە هەموو وشەیەك دەخوێندرێتەوە و سەنگ و بەهای خۆی پە دەدرێت و کەسانێکی ورد بین و عەوداڵی دنیای گیان و هونەرو ئیستاتیکا و ئەفراندن هەر دەمێنن و هیچ وشەیەك تێناپەڕێت بەسەریاندا کە خوێندنەوەی لە دەست بدەن.

((حەز))
تە ئاوازێکی غەمگینی بەسەر دوا هەنسکەوە
هەنسکی من
ئاوازێکە لە میلادی بەفرباریندەوە بەربەتەوە
نەو دوا دەیی شیعرێکی شەرمنەوە
شەرمنی تە
دوا نیگای دەنگی ژیانەوەی سلێمانیی و
ترپەکی حەزێکی شەتانە
ئای یادی بەخێر
من و تە خوێنی هوێیدا
کەوتەتە سەر نینۆکی پەنجەتووتەمان.
حەوشەی پشتەوەمان
کەڵانێکی غەمگینە و دەمانباتەوە سەر خوانێکی حەزێکی شەتانە
شەتانە وەك توانە لە ترپەکی چەڕ لە نیوەی شەودا.
سلێمانیی
دەکەش قادر

***بایۆگرافی دەق:**
گرنگی دەق لە درێژی و کورتیدا نیە، بەڵکو دەکەش هەوەدەدات لە دەقێکی کورتی ١٣ دەیدا زۆر رەهەندی جیاواز کەبکاتەوە، راستە لە رووکەشدا سیمای قوتابخانەی رەمانسی پەودیارە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانین شتانێکی تری لە بفامینەوە، بگرە خوێندنەوەی واقیعی شاعیریشی تێدا بەرجەستە دەبێت، چ وەك تاکێکی تایبەت یان وەك تاکێکی گشتگیراو.
*

***کاکتەرکانی ناو دەق:**

چوار بوونەوەر دەجوڵێن لەم دەقەدا، شاعیر ناچارمان دەکات وەرچەرخانێك بکەین بۆلایەندا و مانایان پێ ببەخشین، یان بۆدوایەندا بچین، ئەوانیش هەر یەك لە:
١- من: خودی هۆنەر.
٢- تۆ: کەسی دوێندراو.
٣- هوێدا. کەسایەتی خوێناوی ناو دەق.
٤: سڵەمانی، گۆشەی دەکاتەوە دیارە گۆشەش دوای سیس بوون دەتەرەهێندی جیاوازی تیکی.
*
کەدی نەست(حەوشەی پشتەوەمان):
یان دەتوانم بڵێم دنیای تاکی کوردی، بە دەسەڵاتدارو بەدەسەڵاتەوە، رەنگە بەدەسەڵات بیکاتە رەگەی ئاودیوبون و گەشتن بە مەبەستکانی ئەودیوی ژیانی رۆژانەو رووکەش، دەسەڵاتداریش بیکاتە پانتاییەك بە شتنەوەی پارەو ئەنجامدانی تاوانەکان. ئەم پنتە جێی زەر رامان و لەسەر وەستانەو جگەی خۆی لە ئیعرابدا گرتووە لە ژیانی هەر یەك لە ئەمداو هەر یەك بە جۆرێك لە یادەوەری و نەستماندا ماناو وەنەیەك دەبەخشێت و زیاتر رەچوونی دڵالەت لەردا بە خوێنەران جە دەهەرەت، هەرچەندە لەم دەقەدا خەمکانی تاکی مەینەت بە شەوێکی گشتی بەرجەستە دەبن و خوێندنەوێکیشە بە باری سەسیلۆژی و کەلتووروو جەری بیرکردنەوەی تاکەکان و ژیانکردن لە واقیعی شاعیرداو بەربەستە کەمەایەتیەکان.
*
*وەنەی شیعریی:
شاعیر توانیویەتی چەند وەنەیەك لە دنیای ئەندێشەدا دەربهێنێت و دەقەکەی پێ رووپێش بکات، وەك ئەو کانزایانەی بە ئاوی زەق رووپێش دەکرێن، بەڵێ نا، خۆ مەگەر ئەمە بە گرنگترین پێکهاتە شیعریەکان دانانرێت؟
لەو وەنە پەر ناسەرە وردبینەوە کە شاعیر دەرگای شیعرەکەی پێ واڵا دەکات:
(تۆ ئاوازەکی غەمگینی بەسەر دوا هەنسکمەوە)
ئەگەر هەنسك بە تەنەك یان جەستەیەك لەك بدەینەوە کە خۆی لە خەیدا بەرەنجامی گریانەو گریانیش نیشانەی ناسەرو نەهامەتی و خەمگینییە، کە زەربەی تاکی کوردو بەتایبەتی رەگەزی مێ لەگەڵ رووبەرربوونەوەی ویست و حەزەکانیان بە واقیع دوچاری دەن، دیارە کە لێرەدا (ئەوە) کە دەبێتە ئەم ئاوازە خەمبارە بەسەر دوا هەنسکی شاعیرەوە، کە وەنەیەکی جوان و گونجاوە لە هەردوو رووی مەجازو واقیعەوە.
بەڵام بە پێچەوانەی وەنەکەی ناو دڵی شیعری(دوا نیگای دەنگی

ژیانەوەی سلەمانیی) ەت، کە لیردا نەنگیەك هەیە لە خولقاندنی ئەم وەنەیەو گونجاندنی (نیگا ی دەنگ) پکەوە، چونکە دەنگ لە خیایشدا جی نابتەوە کە بدرتە پاە نیگا و بەرجەسەی مانایکی مجازی بکات، لام وابە بەم جرە ەواوتر دەبوو:
(دوا نیگای ژیانەوەی سلەمانی)
*

***وشەسازیی:**
شاعیر لەم ١٣ دێڕدا چەند زاراوەیەکی دووبارە کردووەتەوە وەك:
(هەنسك، شەرمن، حەزەکی شەتانە، شەتانە) بەڵام ئەوەی جیی باسە ئایا ئەم شیعرە کە بە شەوەکی سروشتی لە ناخی دانەرکەیەوە هەقوەیوە لە بەهای شیعرەکە کەم دەکاتەوە؟ یان جەختکردنەوەی شاعیر دەنوەنەت لەسەر ئەوەی کە خوەنەر زیاتر لەیان رابمینەت؟
وەای ئەوەی لەردا (دەمانباتەوە سەر خوانەکی حەزەکی شەتانە) بەر هەیەکی ەزمانی دەکەوین، کە دەبوو بەس حەز/ پاشگری (ەکی) ببوایە چونکە (خوانەکی)شی هەر دەگەتەوە سەر حەزەکە، کەواتە دەبوو ئاوهای لەبهاتایە:
(دەمانباتەوە سەر خوانی حەزەکی شەتانە).
*

خەبەندی و ەنووس:
وەك چەن لە تاقیکردنەوە رەسمییەکانی خوەندنگاو زانکەکاندا ١٠%ی نمرە لەسەر خەبەندی و ەنووس دادنرەت، هەرواش لە شیعردا ئاسانکاری بە خوەنەر دەکات لە تگەشتنی مانا و نەرمی بە زنجیرەبەستی کەپلەکان دەدات.
بە نموونە ئەم دێڕە(ئاوازەکە لە میلەدی بەفرباریەنەوە بەربەتەوە) پیوەستە بە دەی دوای خی(نەو دوا دەی شیعرەکی شەرمنەوە) بەیە داشەك دوای وشەی شەرمنەوە- ببوایە باشترو ەوانتر دەبوو لە رووی (بیان)ەوە.
پەلەپەلکردنی شاعیرو پەدانچوونەوەی دەق دوای یەکەم ەشنووس کەشەیەکە زەر شاعیر پەوەی گیردەیە، ئەم دێڕەش (شەتانە وەك توانە لە تەپکی چەڕ لە نیوەی شەودا) زەحمەت لای خوەنەر دەسازەنەت تا لەهێڕە ەنووسیەکە تبگات و وشەی (توانە) راست بکاتەوە و بیکات بە (توانەوە)، جگە لەمەش دانانی خاڵ پەش ئەم دوو رستەیە بە کەشەی تەکنیکی کەپی و پەست دەگەمەوە هێڕەی شاعیر نەبەت:
کەوتەتە سەر نینەکی پەنجەتووتەمان.

.شەتانە وەك توانە لە تەپکی چەڕ لە نیوەی شەودا
*

دواپەیام:
هیوای سەرکەوتن و بەردەوام بوون بۆ شاعیر دەخوازم و دەتوانم بڵێم هەموو کەشش و کارەکیش ماددەی لە پشتەوە نییە وەك هەندێك کەسی چاوچنۆك دنیا هەر لەو سەنگەیەوە دەبینن، بەڵکو ئەم گەردوونە زۆر لەوە بەرفراوانترە لە بەرژەوەندی ئابووریدا لە تیغ و چواچێوەی بدەین، لەکاتێکدا کەسانێك توشی هەڵدیرو تاوان بوون بۆ هەی پارەو لە ژیانداو نەرمنیانە بیر دەکەنەوەو دەجوڵێن، بەڵام لە لایەکی ترەوە نموونەی پرشنگداری وەك شاعیر هەن کە بایەخی دنیای گیان و ئەدەب و هەست و نەست و دەربڕین و وشە لایان هەر داینامۆیەکە کە دەیانجوڵێنێت لە ژیانداو بیدەنگ دەش دانامینن بەرانبەر سەختییەکان و لە دوتوێی وشەو زاراوەکاندا خۆیان دەدەزنێوە و هەوێنی داهێنان دەدەن، ئەمش جەرگەکە لە هەشاریيو مەعریفەت و ڕەشنبیریی، کە سەرقاڵ بوونی تاکەکان دووریان دەخاتەوە لە بەشبوون و بوونە سووتەمەنی جەهل و درێژەپەدەری قەیرانە جەراوجەرەکان کە وادەزانین هەر کەسانی نەو دەسەڵات لەی بەرپرسیارێ، بەڵام لە راستیدا مانجەڵە سەرقاپی خۆی دەدەزیتەوە، هیچ میللەتێکی هەشاریش بوونی نییە فەرمانڕەای گەلەر بیبات بەیوە.

سەرگەردان.. شیعر: ایرج جنتی عطایی.. وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

لە ئازاری ڕەگا ، شەکەتی
گەیشتن و نەگەیشتن
هەڵکەشان و هەڵنەکەشانی
ئاخێک بە گەیشتن
غەمی سەرگەردانیم
ڕاستگۆیانە بە تەم ووت
ناوێک کە " نهەنی شەو " م بوو
عاشقانە بە تەم ووت
گەر ئازارێک لە جەستەما بوو
گەر " پە " یەکانم سە بوون
هەر زوو بە تەم ووت

گەر دەردم دەرین بوو
منی سەرگەردانی ساکار
تەم بە ڕاستگۆ زانی
ئەمە بەم شکست بوو
لەگەڵ ئەوشا
تەم بە عاشق زانی

بە درۆزایی ڕۆگا
کە ئاسۆ بەرامبەرم بوو
حەماسی تۆ ، ووزەی ڕۆگەی من
ناوی تۆ ، " هاوسەفەر"م بوو
منی دۆ شووشۆ لەهەر شوێنێ
کە شکانن بوو ، شکەستم خوارد
لە ژێر کۆڵە شاخی غەم
هەر دانیشتن بوو کە دانیشتم
لاوازیی و بە پێ ڕۆشتن
عەشقی تۆی برد لە یادم
هاواری تەم کرد و دووبارە
بووم بە خوێنی ناو دەماری ڕۆگا

سەرەڕای هەڵاوی شەی "با"
لە دەشتایی ناوەڕاستی هاوینا
قامچیەکانی دەستەژ
لە چڵەی زستانا
نەیانتوانی ، نەیانتوانی
" کینێ " م لە بسێنن
لە منی شکەت بووی شکەت
حەماسی ڕۆشتنم لە بسێنن

ئێستا کەگەیشتووم تە ئەڕێ
پڕ لە چیرۆک بە ووتن
پڕ لە نیازی تۆ
بە ئاخ هەڵکێشان و گوێ گرتن
تۆ بە خودی خەم غەریبی
بە جیا لە غەمم ئەتبینم
خەم پڕ لە گەرانی
تۆ بە دەنگ ئەبینم

کە دەنگتی یا بە مانگ
کە مانگی لەرەوە برد ؟
کە ناوی تەی یا بە خەر
کە خەری یا بە هەور؟
لەم گۆڕە بە خەم بم
هاودەنگی گۆرانییەک بە
لە گۆڕە" زنجیر"ی ئەمشەوا
هاودەنگ بە
و
…ەزگار بە

راپەڕینی جەماوەری لە ئێران و بەرەوی ستراتژیکی!..
عەبدولڕەحمان گۆورکی

چاوخشانێک بەسەر ساڵێک راپەڕینی جەماوەری لە دژ بە دیکتاتۆریەت لە ئێران!
عەبدولڕەحمان گۆورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

لە ساڵی ۱۹۷۹ کە دیکتاتۆریەتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە ڕووخێنرا، ئێستەم بوو وابزانین کە پاشماوەکانی ئەم دەسەڵاتە جارێکیتر لە دژی خەڵکی ئێران بەنەوە گۆڕانکە و لایەنگری بکەن لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی مەزهەبی. بەڵام بەداخەوە لەم راپەڕینەی ئێستادا ئەوە ڕوویدا و ژەهری خەیان ڕژاندە ناو راپەڕین. هەی ئەم کارە چ بوو؟
لای هیچ کەسێک شاراوە نیە کە پاشماوەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی شا بە ملیارەها دۆلار لە موڵک و ماڵی خەڵکی ئێرانیان دزی و چوونە وەاتانی ڕژئاوا و لە پێنج دەیەی ڕابردوودا بەو دارایی دزراوانەی خەڵکی ئێران بوو کەوتنەوە سەر پێ!
نا با دەسەڵاتی پاشایەتی و نا بە دەسەڵاتی مەزهەبی!
هەروەک لە ساڵانی دواتر و تا ئەمڕۆش بە ڕوونی بینراوە کە

دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی ئایینی، لەسەر هەڵەی میراتی دیکتاتۆریەتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی پێکهاتووە و موڵک و ماڵی خەڵکیان تاڵان و بە سەدان هەزار کەسیان بە ماڵ و حاڵ و ژمارەکی زۆریشیان کوشتار کردووە. کارنامەی ٤٤ ساڵی رابردووی دەسەڵاتی ئایینی بەگۆنامەی حاشا هەڵنەگری ئەو راستیەیە کە هەر دوو دیکتاتۆریەتی شا و دیکتاتۆریەتی ئاخوندی تەواوکەری یەکتر و دوو دیوی دراوی سیستەمی دیکتاتۆریین و هەکارەکی هاوبەش و دانەبڕاویان لە دوژمنایەتیکردنی گەلدا هەیە لە ئێراندا. هەر بۆیە دەبینین لە کات و ساتە دژوار و مێژوویەکاندا، بە پشتیوانیکردنی هەندێک کەس و کەمەنی کۆنەپارێزی، دەبنە یارمەتیدەری یەکتر بە ئەوەی ڕێگە نەدەن گەل بگات بەو ئاوات و خواستەی لە مێژینەی هەیەتی!
ئەوەی لە ئاستی نەبوونەوەتی و ناوچەیی کەدەنگی لەسەر، "نەگۆڕانەوەی چارەنووسی زەمەن" و "شۆڕشی نوێی دەموکراتیکی خەڵکی ئێران" بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی ئەمجارەدا. هەر لەبەر ئەم هەکارەیە کە خەڵکی ئێران بوێرانە دروشمی "نا بە دەسەڵاتی پاشایەتی و نا بە دەسەڵاتی مەزهەبی" یان پێکەوە بەرز کردەوە.

ڕابردوویەکی ڕاست و دروست!
خەڵکی ئێران هەرگیز لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی حەمەڕەزاشا پەشیمان نەبوونەتەوە. ئەوان هەمیشە لە "شۆڕش"دا بوون بە ئەستایشەوە بە ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت لە ئێران و سەرەڕای سەرکوت و کوشتار، کەمیان نەداوە و دەستبەرداریش نابن. ئەمەیش پرسیەکی یاسایی و سروشتیی بزووتنەوەی گەلانە لە پێناو گەیشتن بە سەرکەوتن لە بەرانبەر دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکاندا. بەڵام مەسعوود ڕەجەوی لەو بارەوە دەڵێت: "ڕاپەڕین و ڕاپەڕینی زیاتر و هاوکات بەرەنگاربوونەوە، واتا ئاگردان و هەنگاونان و دواجار ڕووخاندنی دەسەڵات". ئەمە سروشت و نەخشەڕێگا و دواچارەنووسی ئەو خەبات و شۆڕشەیە کە لە ٤٢ ساڵ لەمەوبەرەوە سەری هەڵداوە و بە زەرەک ئاگرە سووردا تێپەڕیوە. ئەو شۆڕشەی کە بە ڕووباری بە خرۆشی خوێنی شەهیدانیەوە، بەردەوامە، شکستنەڕە، سووتنەڕە، سەر هەڵدەدات و دەپشکوێت لە هەموو شوێنکدا. ئەمەیە ڕێگای سەرکەوتن".

ڕۆڵی ژنان لە ڕاپەڕیندا!
یەکێک لە لایەنە جیاکەرەوەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارە لە بەراورد لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی پێشوو، ڕۆڵی "ژنان"ە لە گۆڕەپانی سیاسی و بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەتدا. ڕاستیەک کە موقاومەتی ئێران لە ساڵی ١٩٨٩ەوە بە دیاریکراوی "کەشف"ی کردووە و خستوویەتیە

بواری جەبەجەکردنەوە و ئەستایش لە ریزی خەبات و بەرخەداندا کاری پەدەکات وەک گەیانکاریەکی گەورە لە ریزەکانی موقاومەتدا. لەم پەیوەندیەدا بەهەز رەجەوی دەڵێت: "لە راپەڕینی ساڵی رابردوودا پەگەی ژنان بە تەکشکانی ئاستەنگەکانی فیەدالی-ئاخوندی بەرەو ئەوە دەچێت کە خوێندنەوە و لێکدانەوەی چینایەتی و روانگەی چەوسێنەرانە تەپەڕێنێت و پەگەی راستەقینە و پەویستی خەی بگرێتەوە". موقاومەتی ئێران بە پێچەوانەی تەواوینە شکڵی و کاڵایەکان بە پەگەی ژنان، پەوەری شیاو و شایستەی ژنانی لە گەڕانی پراکتیکی کەمەایەتی و لە بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتەریەتدا دەزیوەتەوە.
پەگەو بایەخی هەر کەس و بزووتنەوەیەک لە بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتەریەتدا، بەقەدەر ئەو نرخەیە کە لەم ڕێگایەدا پێشکەشی دەکات. بەهەز مەسعوود رەجەوی لە پەیامی ئەمدواییەیدا وتی: "بە ئەمە، پەوەر، خەبات و خەاگریە لە بەرامبەر ستەمکاری و کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستیدا. دژ بە دیکتاتەریەت و دژ بە وابەستەیی و دژ بە چەوسانەنەوە". کەوایە ئەڵتەرناتیڤی ڕاستەقینەیش، هەڵگرەوەی خەبات و بەرخەدانە لە بەرانبەر دیکتاتوریەتدا کە پەی لە ناو شەقام و دەی لە ناو خەڵکی ئێراندایە. سەردەمی وتەی زارکی و دووبارەبوونەوەی پەیتاپەیتای دیکتاتەریەت و وابەستەیی لە ئێران بەسەر چووە و لەگەڵ سروشتی ئازادی و سەربەخەییدا ناکۆکە و لە کەمەگای ئێراندا هیچ کەیارکی نییە. لە راپەڕینی ئەمدواییەی خەڵکی ئێراندا جارکیتر سەلمێندرا کە پەوپاگەندەکارانی دیکتاتەریەت و وابەستەیی لە ئێران، بە ئابەووترن لەوەی بە دروشمی ڕەنگاوەڵەنگ و بریقەدار بە شتەک بگەن!
بە وتەی ڕەبەری شەڕشی نوەی خەڵکی ئێران، ئەڵتەرناتیڤ وەک بینایەک وایە کە پەویستی بە خشت و کەرەستەی خەیاتی و یاسامەندیی خەی هەیە. بە تەپ و تەزکردن و ئیدیعاکردن دروست ناکرێت. قسەی ڕوون لەم پەوەندیەدا ئەوەیە کە سیستەمی دیکتاتەریەت لە ئێران خەی لە خەیدا ناکەوێت. بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتەریەت و دروستکردنی ئەڵتەرناتیڤ، پەویستی بە تەچوو و ڕەکخستن و هەز هەیە. ڕژەمی دیکتاتەری لە ئێران بە چاوبڕین لە لایەنانیتر ناووخەنرێت. دەبێت قەڵغان بی لە هەکەیت و سینگت بکەیتە قەڵغان بی. باجەکەی بدەیت و خەتی بە ماندوو بکەیت و هەوڵی بە بدەیت!

تۆندوتیژی یان ڕق و قینی پیرەزی گەل!
ئەزموون سەلماندوویەتی ئەوانەی داوا لە خەڵکی ئێران دەکەن کە خەیان لە تۆندوتیژی دوور ڕابگرن و ڕق و قینی پیرەزی گەل بەرامبەر بە دەسەاتی دیکتاتەری بە"تۆندوتیژی" ناو دەبەن، هەر ئەوانن کە

دوورن لە "شۆش" و "خەڵک" و بەم قسانە دەیانەوێت پێناسە و سروشتی خەیان بشارنەوە. خەڵکی ئێران باش لە بیریانە کە "چەن و بچی" خومەینی دژایەتیی خەباتی چەکدارانەی کرد لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت شا و، لە ژێر دروشمی "هەموومان پێکەوە" ڕبەرایەتیی شۆشی بە تاڵان برد و دەسەڵاتکی دیکتاتۆریەتی دەندۆتری بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاند.

ستراتیژی راست و دروست و پراکتیکی!
وەک چەن بەرەنگاربوونەوەی سیستەمکی دیکتاتۆری زانستە، ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریش بابەتکە بە "کەشف کردن" و دەزینەوە. سەرکەوتن بەسەر دیکتاتۆریەت کاتک مەیسەر دەبێت کە بەپێی ئەم پرەنسیپە بێت. ستراتیژیی (شانکانی شۆش) لەو پرەنسیپەوە وەرگیراوە. ئەگەر ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت و دامەزراندنی دیموکراتیەت "بژاردەیکی مومکین"ە، ئەوا بە دەنیاییەوە لەسەر بنەمای ئەم "کەشفکردن"ەیە!
لە ژێر ڕۆشنایی ئەم کەشفکردنەدایە کە "خەباتی چەکدارانە و شۆشگێڕانە" لە دژی دیکتاتۆریەت لە ئێران، پێویستە و دەبێت بە ئەرکنی وەزام بدرێتەوە. چونکە سروشتی "چەکدارانە" و "شۆشگێڕانە"کەی، لەلایەن دیکتاتۆریەتەوە بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپێنراوە و هەر کەسەک و بزووتنەوەیەک دەی بە گەل و نیشتمان لەبەدات، پێویستە بە کردە کاری بە بکات و لە تانە و لۆمەی سازشکاران نەترسێت و سە نەکاتەوە. هەر کەمتەرخەمی و دواکەوتنک لەم تگەیشتن و کەشفکردن و کارکردنەدا، بە سوودی دیکتاتۆریەتە!
خەڵکی ئێران ئەم ڕاستیەیان بە ئەزموون کردووە. هەربۆیە لە سەر شەقامی خەبات و شۆشدان و لە شەوەی (شانکانی شۆش)دا بەرامبەر بە دیکتاتۆریەت وەستاون. "بەستنەوەی سیاسەت بە شۆافەت"یش بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەم تێگەیشتنەیە کە لە مەژوودا (نەمری) و (ئایندە) بە خەی تەمار دەکات.
کەوایە براوەی ستراتیژیی ڕاپەڕین لە دژی دیکتاتۆریەت لە ئێران، (موقاومەتی ئێران)ە، کە تیایدا هەم ژنان ڕۆڵی سەرکیانە هەیە و هەمیش لەسەر بنەمای ستراتیژکی دروست دامەزراوە کە ڕەگ و ریشەی لە ناوخۆی ئێران داکوتیەوە و توانیویەتی هەر لە سەرەتاوە خەی لەگەڵ ڕاستیەکان ڕک بخات.

کۆتایی

میمی پاشگر و منی پیاو.. ناو حەسەن

١
من نامەوێت
ڕوخسار و جەستەم بگۆڕم و
خەم بکەم بە ژن
بەڵام حەزدەکەم
منی پیاو
بە خەیاڵ و مەشکی ژن
بیربکەمەوە و شیعر بنووسم
بە چاوەکانی ژن بڕوانم و
بە هەستەکانی ژنیش خۆن ببینم
٢
کاتێک
لەسەر سەکۆیەکی بەندەوە
بە دەنگێکی نەرینەی گۆڕەوە
لەنێو گوتارەکانم دا دەڵێم
(ژنەکەم ، ئۆتۆمبێلەکەم ، خانووەکەم ، دەمانچەکەم ،
قاسکەکەم ، سامانەکەم
کورسیەکەم ، تاجەکەم ، دەسکاتەکەم ..... !)
منی پیاو
خەم وەک کەیلەیەک دێتە بەرچاو
کەیلەی کاڵا و کەیلەی زەوی و
کەیلەی شتومەکە بە گیانەکان
بەیەک ڕەقم لە میمی پاشگر و
لە هەموو میمەکانیتر دەبەتەوە
٣
کاتێکیش
ئەم هەموو جەنگ و خوێن و
کوشتن و مردن و
تاریکی و تێنوێتی و

برسیەتی و کەچکردنە دەبینم
منی پیاو
خەم وەک دەندیەک دەتە بەرچاو
بەیە ەقم لە پیاوبوونی خەم دەبەتەوە
٤
شەرمەزارم
کە نەمتوانی وەک مرۆڤ
عاشقانە بژیم و
لەگەڵ کوڵ و کچە دە پە ئومێدەکان
دەست بخەینە ناو دەستی یەکتری و
بەدەوری مەشخەڵی ئاگرەکی گەش
سەما دابەستین و
گەرانیەکانی موحیبەت و
سروودەکانی ئازادی و
بەستەکانی خۆشویستی بڵێینەوە
٥
چاو بەرەوژێرم
کە نەمتوانی وەک مرۆڤ بژیم
بە هەورازەکانی جوانی هەڵگەڕێم و
هەر لەشوێن خەم
لەنەو
گەمە شینکە پە قوزەکانی ناشیرینی مامەوە
بەیە دەموەت
منی پیاو
لەنەو کیشوەری میمی پاشگر و
لەنەو نیشتیمانی پیاوەتی خەم بەمە دەرەوە !

ئۆکتۆبەری
٢٠٢٣

ببەخشە، من بە سەرکت نازانم..
شیعری/ نەوزاد بەندی

لە شارەکایت ،
کارەبای تیا نییە و
لە هەموو جێیەکیش زیاتر ،
خەڵکی بە کارەبا ئەمرن..
شەقامەکی تەدا نیە لە سەد لاوە
بەبەی پشتی نەشکابێ و
لە هەموو جێیەکیش زیاتر
خەڵکی ئەتەمبیل لە ئەخوەن ..
تەیش هەر هەژڕی ،
بە کەتنەکی تازەوە دەردەکەویت و ..
ئەیشتەوە پەت بەم سەرک ؟
کەی لە پەستی سەرکایەتیی تەر ئەخەی ؟
ئەمە دەمەکە لە پەستی
هاووەاتیبوون تەر بووین و ..
هەحمەت ئەنەرین بە ئەوەی
کە زوو سەری خەی
هەگرت و هەی ..
کەی لە چاکەت و بەینباخ
پەست ئەبیت و
لە تی شەرتەکا ، نەفەسە
بە هەردوو بن باەت ئەدەی ؟
بە غەبغەبەی سوور هەگەاو
بە هەردوو بنەانت ئەدەی ؟
ئەمە دەمەکە چاکەت و
بەینباخمان سەد جار بە نەفرەت کردووە ..
ئەمە دەمەکە هەر کەسە بەم هاوینە ،
لە قات و بەینباخایە ،
لەلامان وەکو دارتووە
لەلامان وەکو مردووە ..

⋆ ⋆ ⋆

بەزار نەبووی
لە دەرکەوتنی هەژانەت

لەسەر شاشەی ڕۆژنامە و
لاپەڕەی تی ڤی ؟
بەزار نەبووی لە هەڵەی گەورەی سیاسی و ..
ڕەزمانی و ..
هەڵوەراندنی
پەڕ و باڵ و
موچڕ و ماڵ و
وەزع و حاڵی هاووڵاتیی ؟
بەزار نەبووی لە هەزار جار
کوشتن و
دیسان کوشتن و
کوشتن و دیسان کوشتنەوەی
مەگەر لە بەجگە لە لاتیی
نەیدیوە ساڵەکی هاتیی ؟
بەزار نەبووی ،
لە ملیۆنەها کەمەنتی پڕ لە جنێو ؟
لە هەزارەها پڕتەڵن ..
لە هەزارەها خڕتخڕتن ؟

⋆ ⋆ ⋆

بەزار نابن ..
سەد ساڵی تر ، بەزار نابن ..
نە لە زەرابی نەوت و غاز ..
نە بە دەنم خاک فڕاندن ..
نە لە لاسایی دیکتاتۆرکانی مەژوو ..
کە ووشک بوونەوە و با بردنی وەکو مەروو ،
هیچ فەر نابن …
بەزار نابن ..
هەزار ساڵی تر هەڵمژن ،
داهاتووی میللەتکی خەر نەدیو ..
بیکوژن هەڵەی گەلکی
لەوەتی هەیە دەتەزیو ..
بەزار نابن ،
ملیۆنە ساڵی تریش ،
لە تەکدانی گوزەران و
ئەدەب و هونەر و جوانی ..

تەرنابن و ..بەزارنابن ..لە وەرانکردنی ئاوەدانیی ..
تەر نابن و بەزار نابن ،
لە سەرهەگرتنی سەدان هەزار گەنجی خەمبار و دەشکاو ..
لە خنکانی سەدەهایان ..
لە خەکوشتنی سەدان لاو ..
* * *

بەهام ئەمە زەر بەزار بووین ..
بەزار بووین لە زاراوەکانی دەستەات ..دەستە ..ئەنجومەن ..کەمپانیا .. حیزب .. تاوەری چەو و هەو ..
شانە ..خانە .. بزووتنەوە ..
هەکخەر ..ابەر ..
بەزار بووین لە ناوەکانی حوکمەت ..کابینە .. بودجە .. سروود ..پەژە ..
هەوالی قەی بە پەلە ..
لە ناوی سەرەک ..
لە پەشگری فەخامەت ..
لە پاشگری خوا بیههە ..
لە کادر و .. لە ئەندام و ..
چالاکوان و پەرلەمانتار ..
لە کەنال و بەژەر و هاگەیاندن ..
لە گومرک و لە نەوت..لە غاز ..
لە ووشەی خالی سنووریی ..
سەرکردایەتی.. لە وەزیر ..
لە هەبژاردن ..
لە دروشمی بریقەدار ..
بەزاربووین و ئەشینەوە ،
بە بینینی لاندکرەزەر ..
ڤەلا ..لەگزس ..
تاوەر ..مە .. ملیەنان دەلار ..
لە شەی پارتی و یەکەتی
لە شەی سەفی و سەلەفی ..
لە شەە باە ..
بەزار بووین لە هەموو شتە ..
هەمووی هەگرن بەختان ..
بەهام توخوا کەی تەر ئەبن ؟
چ ساە ئینتەلا ئەکەن ؟

کەی ئەنفال هەوای خەتان و ئا ئەکەن ؟
بەهام
هەرچی سەروەتی دنیایە ،
هی ئەو بێ ،
نە تەر ئەبن
نە بە سەرکتان ئازانین ..
گەر هەژانە پەنجا نووسەریش تیرەر کەن ..
شەق لە سەری خوەندکار هەدەن ..
مامەستا بکەن بە فتبە ..
هەر بە سەرکتان نازانین ..
هەرچی ئەماسی دنیایە ،
بە گەردنی مەینەکانتانەو بێ،
کەسمان پەیان ناەین خاتوون ..
هەرچی سوپای دنیا هەیە ،
لە چوار دەورتان ئەشکگر بن ،
شەو بێ ئارامیی نانوون ..
چونکە ئازانن ..
چاک ئازانن ،
نەک هەر میللەت ،
درەخت و بەردیش
بەزار بوون ..
ناچارم دیسان پرسیار کەم ،
کەی بەزار ئەبن ،
لە سەفتە دەلاری دزراو
لە ەشتنی خوەنی دیل ..
دزینی موچەی فەرمانبەر ..
ەاگرتنی ەەوەوەی ئەدەب و هونەر ..
فرەشتنی ەەوشت و دین ..
خاک ..
هیوا ..
ئاوات ..
زانست ..
ئاڵا ..
کورد ..
ەەزمان ..
شەرەف ..
کەرامەت ..